www.kurdistannet.org
21-10-2006 8:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئێمە دەرگای ڕەخنەمان بەشەونخونی کردۆتەوە کێ دەتوانی دایخات؟؟؟؟ ... خاڵەحەمە

پێنووسی ڕەسەن کاتێ دەنووسێت بەناوی خەڵکی هەژارو ستەمدیەی نەتەوەکەیەوە دەنووسێت چاوناپۆشێ لە کەم و کوڕی، لە گەندەڵی، لە مرۆڤی موفتەخۆرو شانخوار، لە دامودەستەی بێ بەرویشت و بێ رەوشت، لە کاسەلێسەکانی دەورویشتی دەسەڵات، لە مەسینەهەڵگرەکانی پاش ئاخوڕی نیشتمانفرۆشان، لەچەتەو دزانی سەرخەزێنەی دەولەت، لەهەلپەرستە بێ ئابڕوەکانی سی و یەک ساڵ شۆڕش، لەو مشکە کوێرانەی کەفایلدارن، لەتازەدەوڵەمەندەکانی دوای ڕاپەڕین، لەلادەرانی ڕۆژی ڕەش و شەوانی ئەنگوستەچاو، لەبیرکوێرەوەبوەکانی دوای شەڕی (قادسیە) . لەشەقامی کرۆکپی بێدەنگی شاران ولادێ، لەژنان وکچانی مافخوراوو کویلەی دەستی کەلتورێکی خواستراو، لەدوو حیزبی نەگۆڕو دوو سەرۆکی بێبەرنامە بۆکورد، دواجاریش هەرگیزاو هەرگیز چاو ناپۆشێ لەبراکوژی دوای ڕاپەڕین، لەوچاوشۆڕانەی هاوڕێکانی خۆیان بەدیلی بردەوە بۆ ڕژێمی فاشی عێراق، لەونیشتمانفرۆشانەی هەلی براکوژییان قۆستەوەو ئاگریان بەردایە ماڵی کورد، لەو دەسەڵاتدارانەی کوڕانی کوردیان لەسەر شەقامەکان تیرباران دەکرد، لەو ئەژدیها دووسەرانەی بەهەردوولادا ژەهریان ئەڕشت، لەسێ دەولەتی خوێنمژو سێ نەتەوەی بێدەنگ و رازی بەئەنفالکردنی کورد، ئەلێرەشدا پێنووسی خاوەن هەڵوێست و بەویژدان دێتەدەنگ و پرسیار ئەکات چی والە دەسەڵات دەکات ببێتەپاڵپشتی ئەو گەنگوگوانی لەسەرەوە باسمانکرد و پشت بکاتە ئەو خەڵکە قارەمانەی خۆی کەلەڕۆژی ڕەش و نەهامەتیا پشتوپەنایان بوون؟ ئێمەی زامدار مافی خۆمانە سڵ لە مینبەری ئایین و هەمووئایینزاکان، لەکۆمەڵەی دەوڵەتانی یەکگرتوو بکەینەوەکەناویان لەخۆیان ناوە (یوئێن)، هەروەها مافی خۆشمانە لەودیو دەرگای ڕەخنەوە شەوو رۆژ بانگ بدەین بەگوێی دەسەڵاتداو بڵێین (جام پڕبووەو خەریکەلێبێدەڕژێ) هاواربکەین و بڵێین کێ دەتوانێ دەرگای ڕەخنەداخات لەکاتێکدا نیشتمانفرۆشان لەتەنیشت کورسی دەسەڵاتی خۆتانەوە تاوانبارتان دەکەن بە ئەنفالکردنی کوردو کوردستان... !!

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی /2006/10/20